سەماحەتی حەکیم لە فەلوجە: ڕێزگرتنی فرەیی و پارەدارکردنی لاوان ڕێگامانە بۆ سەقامگیری بەردەوام

لەچوارچێوەی گەشتەکەی بۆ پارێزگای ئەنبار بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی سەردانی قایمقامیەتی قەزای فەلوجەی کرد و لەوێش چاوی بە کۆمەڵێك بەرپرسانی یەکەی ئیداری قەزایەکە کەوت و لەم دیدارەش بەڕێزو ئەندامی پەرلەمان و قائیم مەقامی فەلوجە یەحیا محەمەدی و کۆمەڵێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا و پیاوە دیارەکتنی ناوچەکە ئامادەبوون

سەماحەتی حەکیم باسی ەکابەرییە گەورەکانی کرد کە عێراق ڕووبەڕووی هاتەوە بە گشتی و فەلوجەش بە تایبەتی هەروەها ستایشی ئەرکە نیشتمانییەکانی کرد کە بوونە هۆکاری گەڕانەوەی ئەمن و ئاسایش و گەڕانەوەی ئاوەدانکردنەوە وئەوەش دڵنەوایی بوو بۆ هاولاتیان و ئارامی کردن، دووپاتیشی کردووەوە کە پەند لە وانەکانی پێشوو وەربگرن بۆ ئەوەی نغرۆ و نقووم بن تێیدا، لەبەر ئەوەی ئەو ئەزمونە سەلماندی کە تیرۆر و دووبەرەکی و مەترسییە و گفتوگۆ و کرانەوەش گرنگی خۆی هەیە.

بەڕێزیان ئاماژەی بەوەدا کە دیالۆگ لەگەڵ جیاوازەکان گوزارشت لە هەڵوێستێکی ئیسلامی ئاڕێز دەکات و جیاوازی مەزهەبی و مەزهەبی سەرچاوەی دەوڵەمەندکردنی کۆمەڵگایە نەک بارگرانی لەسەری و ئاماژەی بەوەدا کە مەزهەبگەری سیاسی کارەساتە و ڕووبەڕووبوونەوەی گوتاری مەزهەبی لە سندوقەکانی دەنگدانەوە دەست پێدەکات و دەنگ نەدان بەو کەسانەی بانگەشەی بۆ دەکەن بۆ ئەوەی مەزهەبگەری وەک کاڵایەکی هەڵبژاردنی جەماوەری نەمێنێتەوە..

سەماحەتی حەکیم جەختی لەوە کردەوە کە پێکەوەژیان بۆتە واقیعێکی بەرجەستە لەشەقامی عێراقدا ئەمەش لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژانەی نێوان ئەندامانی هەمان کۆمەڵگادا دەردەکەوێت و تەئکیدی لەسەر پێویستی بەهێزکردن و فراوانکردنی ئەم دۆخە کردووە. هەروەها داوای بەهێزکردنی گەنجان لە شوێنە جیاجیاکان کرد و بۆ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی هەر هەنگاوێک لەم ئاراستەیەدا بێت سەرکەوتنە بۆ پڕۆژەی ژیری و بەهێزکردنی پێکهاتەی دەوڵەتیش زامن دەکات...

هەروەها سەماحەتی تیشکی خستە سەر پێگەی پارێزگای ئەنبار کە کێشەکی خێڵەکیی و درێژکراوەیەکی جوگرافی گرنگە و ڕوونیشیکردەوە کە سەقامگیری ئەنبار ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر سەقامگیری عێراق بەگشتی هەیە و داوای نوێنەرایەتی سیاسی دادپەروەرانە و کاریگەری پارێزگاکە دەکات لەڕێگەی هەڵبژاردنی ئەو لێهاتووانەی کە توانای دەربڕینی خواستەکانی خەڵکەکەی هەبێت لە کۆڕبەندە نیشتمانییەکاندا...

لەکۆتایی دیدارەکە، بەڕێز حەکیم جەختی کردەوە لەسەر گرنگی بەکۆتاهێنانی دۆسیەی کەسە بزرەکان لەڕێگەی لیژنەی پسپۆر بۆ ئاسوودەکردنی خانەوادەی قوربانییەکان و کۆتایی پێ هێنانی ئەو دۆسیەیە پڕ لە ژانە.